# هاوکێشەی پێچەوانەی شوێندانانی کورد

سەرۆ شەمزینی

”

پەیامی مێژوویی بزووتنەوەی کورد لەم قۆناغەدا ئەوەیە: هەر وەک چۆن شۆڕشی ئەم جارە بەهۆی شکستی ئامانجەکانی شۆڕشی ٥٧ ڕوو دەدا، شۆڕشی ٥٧یش بە هۆی شکستی ئامانجەکانی مەشرووتە، لەدوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی پەهلەویدا ڕووی دا، ئەگەر بێتو جارێکی دیکە سیستمێکی ئەوتۆ بێتە سەرکار کە یەکێک لەو ئامانجە گشتی و مێژووییانە پێشێل بکا، لە ئێستاوە خۆی بەرەورووی داخراوییەکی دیکە و شۆڕشێکی مسۆگەری دیکە و دواکەوتنێکی دیکە لە ڕەوگەی پەرەسەندنی سیاسی دەکاتەوە.

“

شۆڕش لە ئەنجامی بەردەوام بوونی دۆخی داخراوی سیاسییەوە سەرهەڵدەدا. پێوەندیی نێوان دۆخێکی داخراوی سیاسیی درێژماوە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕش لەڕاستیدا پێوەندیی نێوان هۆکار و هۆکردە. کاتێک قسە لە پێوەندیی نێوان هۆکار و هۆکرد یان عیللەت و مەعلوول دەکەین، خەریکین باسی یاسایەکی گشتی دەکەین. یاساکان مسۆگەر و حەتمین. لە سیستمێکی داخراوی سیاسیدا ڕەنگە هەندێک فاکتەر هەبن کە ڕوودانی شۆڕش دوا بخەن، بەڵام بەگوێرەی هەلومەرج، درەنگ یان زوو تەقینەوەیەکی سیاسی لەم شێوە سیستمانەدا ڕوو دەدا.

جەمـاوەر بـۆ وەدی هێنانـی هـەر چەشـنە گۆڕانکارییەکـی سیاسـی، بەشێوەیەکی سروشـتی لە ڕێکارە کەم تێچووەکانـەوە دەسـت پـێ دەکـەن. واتـە خەڵـک بەشـێوەی مەنتیقـی، لەپێشـدا سیاسـەتی ڕیفۆرمخوازانـە بە باشـتر دەزانـن. ئەگـەر ئـەم ڕێکارانـە وڵام نەدەنـەوە، یـان ئەوەتـا جەمـاوەر بـۆ ماوەیەک تووشـی حاڵەتێکی سـڕی و ئینفعـال دەبن یان سـتارتی شـۆڕش لـێ دەدەن. حاڵەتـە سـڕ بوونەکـەش هەتا سـەر نییە. بەڵکوو پێشـەکییەکی بێدەنگـە بـۆ تەقینەوەیەکـی درەنگتـر. بـە دەربڕینێکـی دیکـە لـە جیاتی دوو لێکەوتـەی حاڵەتـی سڕ بوونـی دوای تێکشـکانی سیاسـەتی ڕیفۆرمخوازانـە یان سـەرهەڵدانی شـۆڕش باشـتر وایە باسـی دوو لێکەوتـەی سـەرهەڵدانی شۆڕشـێکی درەنگوەخت یان شۆڕشێکی زووتـر بکەین.

دەسـەڵاتی ویلایەتـی فەقیـە یەکێک لە داخراوتریـن سیسـتمە سیاسـییەکانی سـەردەمی ئێسـتا لـە ئاسـتی هەمـوو وڵاتانـی جیهاندایـە. کەوابـوو ڕووخانـی ئەم دەسـەڵاتە لـە ئەنجامی شۆڕشـێکی جەمـاوەری چـاوەڕوان کـراوە.

پێشـبینیی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا پێویسـتی بـە لێزانییەکـی لەڕادەبەدەر نییـە. بەڵام هونەری ڕەوتە سیاسـییە کوردەکان ئەوە بـوو کـە زۆر زووتـر واتـە لـە ماوەیەکـی کورتـی دوای هاتنـە سـەرکاری ئـەم سیسـتمە نزیکـەی چـل و دوو سـاڵ لەمەوبـەر ئـەم پێشـبینییەیان کـرد و ڕێـگای خۆیـان جیا کـردەوە.

وا ڕێکەوتـووە دوایین ڕاپەڕینی خەڵکی ئێـران واتـە ڕاپەڕینـی "ژن، ژیـان، ئـازادی" کە گەورەتریـن و بەربڵاوترین ڕاپەڕین لە ماوەی تەمەنی ۴۳ سـاڵەی کۆمـاری ئیسـلامییە، لـە کوردسـتان چەخماخـەی لێدرا، تەشـەنەی سـەند و هەمـوو ئێرانـی گرتـەوە و، بـوو بـە جیددیتریـن هەڕەشـە بـەدژی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران.

لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـە ڕاسـتییەکی گرینگـی مێژوویـی بکەیـن کـە لـە چـاوی زۆریـەک لـە چاوەدێـران و شـرۆڤەکاران شـاراوە ماوەتـەوە. هەتـا ئێسـتا زۆرجـار لەلایـەن زۆر کەسـەوە گوتـراوە کـە چارەنووسـی هـەر پارچەیـەک لـە کوردسـتان بەسـتراوەتەوە بـەو وڵاتەی کـە ئـەو بەشـە لـە کوردسـتانی پێـوە

لکێنــدراوە. ئــەم ڕاســتییە، پێمــان خـۆش بـێ یـان نـا، هەتـا ڕادەیەکـی زۆر ڕاســتە. بــەڵام ئــەم هاوکێشــەیە لەوبەریشــەوە وەڕاســت دەگــەڕێ. واتــە چارەنووســی ئــەو وڵاتــەش کــە بەشــێکی کوردســتانی پێــوە لکێنــدراوە، بــە شــاهیدیی مێــژوو بەســتراوەتەوە بــەو پارچەیــە لــە کوردســتان کــە لەبــەر دەســتیدایە. هــەر بـۆ نموونە لـە وڵاتی عێـراق هەر لـە گرێبەسـتی ١٩٧٥ی ئەلجەزایرەوە هەتـا شـەڕی هەشـت ساڵەی نێـوان ئێـران و عێـراق و داگیـر کردنـی کووەیـت و دواتـر ڕووخانـی ڕێژیمـی بەعـس، بەگشـتی دۆخـی سیاسـیی عێـراق، زنجیرەئاسـا پێوەنـدی بـە چۆنیەتیـی هەڵسـوکەوتی ڕێژیمـی عێـراق لەگـەڵ کێشـەی کـورد لـەو وڵاتـەدا هەبووە. گرێبەسـتی ئەلجەزایر و دانـی ئیمتیـازی پاپۆڕەوانـی لـە شـەتولعەرەب بە وڵاتی ئێران لەلایەن عێراقـەوە و گۆڕینـی سـنووری ئاویـی نێـوان دوو وڵات بـە سـوودی ئێـران، ڕاسـتەخۆ بـۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشـی کـوردی باشـوور بـوو. سـەددام چەنـد سـاڵ دواتر، بۆ قەرەبـوو کردنەوەی ئەو ئیمتیـازەی لـە ئەلجەزایـر دۆڕاندبووی و بـە هەندێـک هۆی تریش، شـەڕێکی هەشـت سـاڵەی لەگـەڵ ئێـران دەسـت پێکـرد و بـە هـۆی ئەم شـەڕە درێژخایەنـەوە ژێرخانی ئابووریی وڵاتی عێـراق هەتـا ڕادەیەکـی زۆر هەڵتـەکا. سـەددام دواتـر بـۆ تێهەڵێنانـەوەی ئەو زیانـە لەڕادەبـەدەرە مرخی لە سـامانی نەوتـی وڵاتـی کووەیـت خـۆش کرد و هێرشـی عێـراق بـۆ سـەر کووەیت بوو بـە پێشـەکیی ڕووخانـی ئـەو ڕێژیمـە. کەوابـوو ڕووخـان، باجێـک بـوو کـە سیسـتمی زاڵ بەسـەر وڵاتـی عێـراق ناچار بوو لەبری هەڵسـوکەوتی هەڵەی لەگـەڵ کێشـەی کـورد بیبژێـرێ.

فاکتـەری کورد لە ڕووخانی سیسـتمی پاشـایەتی لـە ئێرانیشـدا کاریگـەر بـوو. یەکـەم زەبـری گورچووبـڕ کـە وە ئەفسـانەی دوورگـەی ئارامـی و سـەقامگیری لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوین درا، ڕاپەڕینـی چەکدارانـەی ٤٦ و ٤٧ لـە کوردسـتان بـوو. دوای ئـەوە، خەباتـی چەکـداری لـە باقیـی شـوێنەکانی ئێـران وەکـوو پارادایمێـک چـاوی لـێ کـرا و تەنانـەت کێشـرایە نێـو شـارە گەورەکانەوە. ڕاسـتە ڕێژیمی پاشـایەتی بـە خەباتـی چەکـداری نەڕووخـا و بـە ڕاپەڕینێکـی جەمـاوەری تێـک ڕمـا، بـەڵام خەباتـی چەکداری بـوو بە هۆی تێکشـکانی هەیمەنەی ڕێژیـم و ڕژانی ترسـی جەمـاوەر.

لە تورکیاش دەکرێ زۆر نموونەی ئەوتۆ بدۆزینەوە کە چۆنیەتیی پێوەندیی دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ دۆزی کورد ـ بە هەر دوو باردا، چ بە باری ئیجابی و چ بە باری سەلبی ـ شوێنی ڕاستەوخۆ و بەرچاوی لەسەر دۆخی سیاسیی سەرانسەری وڵاتەکە داناوە.

ئێمـە نـاوی ئـەو دۆخـە دەنێیـن "هاوکێشـەی پێچەوانـەی شـوێندانانی کـورد" و مەبەسـتیشـمان شـوێندانانی بەرچـاو و حاشـاهەڵنەگری کوردسـتان

لەسەر ناوەندی وڵاتە سەردەستەکەیە. سیاسەتوانان و شرۆڤەکارانی ئەو وڵاتە سەردەستانە یان هەر لە بنەڕەتەوە ئاگاداری ئەو هاوکێشە گرینگە لەسەر وڵاتی خۆیان نین، یان ئاگاداری هەن و حاشای لێ دەکەن. یەکێک لە هۆیەکانی حاشا کردن لەم ڕاستییە، ویستی نکۆڵی کردنی گرینگایەتیی فاکتەری کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەیە. ئەم باسە شایانی ئەوەیە ببێت بە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و جیددی لە لایەن شرۆڤەکارانی کوردەوە.

ڕاپەڕینی پاییزی ١٤٠١ی ئێران کە بە شێمانەیەکی بەهێز دەورێکی یەکلاکەرەوەی لە ڕووداوەکانی داهاتووی ئێراندا دەبێ، هەم مۆدێلەکەی و هەم دروشمەکەی لە کوردستان وەرگرت. ئەم ڕاپەڕینە پزیسکێک بوو لە کوردستانەوە پەڕییە نێو خەرمانی دەسەڵاتی ڕێژیمی ملهوڕی تارانەوە.

ئەم ڕاپەڕینە جیاوازیی لەگەڵ هەموو ڕاپەڕینەکانی ٧٨ و ٨٨ و ٩٦ و ٩٨ هەبوو. هەوڵ دەدەین خاڵە جیاوازەکانی ئەم بزاڤە شی بکەینەوە.

## ١ بەربڵاوتر بوون

١ـ١. لە ئاخێزی ساڵی ٩٦دا بەشێک لە شرۆڤەکارە سیاسییەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئەم ئاخێزە هەر بەتەنیا پەیوەندی بە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاوە هەیە و چینی مامناوەندی، ئەو بزاڤە بە هی خۆی نازانێ. لەبەرانبەردا ئەم شرۆڤەکارانە پێیان وابوو ئاخێزی ساڵی ١٣٨٨، لە لایەن چینی مامناوەندییەوە کرابوو. ئەگەر هەردووک بۆچوونی سەرەوە ڕاست بن، بە لەپاڵ یەک دانانی ئەم دوو بۆچوونانە بەو ئەنجامە دەگەین کە لە ماوەدای نێوان ١٣٨٨ەوە هەتا ١٣٩٦ گوروتینی شۆڕشگێڕانەی چینی مامناوەندی هەتا ڕادەیەکی زۆر لە کەمێی داوە. ئەنجامێکی دیکەش ئەوەیە کە هەر کام لەو ڕاپەڕینانە سەر بە چینێکی تایبەت بوون.

لە ڕاپەڕینی ١٤٠١دا هەموو چین و توێژەکان چالاک بوونەوە. هاتنەوە مەیدانی چینی مامناوەندی فاکتەرێکی گرینگ بوو کە لەبەر چاوی چالاکانی سیاسی و شرۆڤەکاران ون نەبوو. هەڵبەت یەکێک لە هۆیەکانی دامرکانەوەی گوروتینی شۆڕشگێڕانەی چینی مامناوەندی لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا، کەم بوونەوەی حەشیمەتی ئەم چینە و هەژارتر بوونی بەرچاوی خەڵکی ئێران بوو. بەڵام هەرچۆنێک بێ، ئەم جارەیان چینی مامناوەندی بە بازاڕیشەوە پەیوەستی ڕاپەڕین بوون. پێش شۆڕشی ساڵی ٥٧ و دوای ئەویش بەهێزترین توێژی هاوبەندی هێزە ئایینییە دەسەڵاتدارەکان، توێژی بازاڕ بوو. هەر لەجێدا زۆریەک لە کۆمەڵناسان پێیان وابوو شۆڕشی ٥٧ بریتی بوو لە ڕاپەڕینی تۆڵەئەستێنانەی بورژوازیی نەریتی واتە بازاڕ بەسەر ڕکەبەرە مەترسیدارە تازەسەرهەڵداوەکەی واتە بووژوازیی پیشەسازیی مۆدێرن کە لە

دەورانی پەنجا ساڵەی حوکمداریی پەهلەویدا گووڕابوو. چینی دەسەڵاتدار هەتا نزیکەی چل ساڵ دوای شۆڕشیش پشتی بە پشتیوانیی بازاڕ یان بورژوازیی نەریتی گەرم بوو. لەم ڕاپەڕینەی دواییدا ئەم چینەش پێوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵات پچڕاند و پەیوەست بە شۆڕشی جەماوەری بوو. لە ڕوانگەی ئابووریی سیاسییەوە، ئەمە گەورەترین تایبەتمەندیی ئەم ڕاپەڕینەی دوایییە.

۱-۲. بەڵام بەربڵاو بوونی ئەم ڕاپەڕینە هەر بەتەنیا پێوەندی بە چالاک بوونەوەی چینی مامناوەندی و پەیوەست بوونی بورژوازیی نەریتی بە شۆڕش نەبوو. ساڵانێک بوو ڕێژیم توانیبووی بزاڤی خوێندکاری سر بکا. ئەو گوڕوتینەی لە دەیەی ۷۰ی کۆچیدا لەناو خوێندکارانی ئێران لەئارادا بوو، لەم ساڵانەی دواییدا بە هیچ شێوەیەک لەگۆڕێدا نەمابوو. لە ڕاپەڕینی ئەمساڵدا بزووتنەوەی خوێندکاری بە چالاکترین و بە ڕادیکاڵترین شێوە هاتەوە مەیدان. هێرشی دڕندانەی هێزە ئەمنییەتییەکان بۆ سەر زانکۆی شەریف کە بێشک دواتر لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا وەک کارەساتێکی گەورە و وەک پەڵەیەکی ڕەشی لەبیرنەکراوە بە ناوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە، قسەی زۆری لەسەر دەکرێ، دژکردەوەیەکی ڕێژیم لەبەرانبەر مەترسیی سەرهەڵدانەوەی بزاڤی خوێندکاری بوو. بەڵام دوای ئەو چاوترسێن کردنەش، بزاڤی خوێندکاری لە جووڵە نەکەوت.

۱-۳. ڕووداوێکی تر کە ڕەنگە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بێوێنە بێ، تێکەڵ بوونی قوتابییان بە ڕاپەڕینە. لە وەرچەرخانە مێژووییەکانی ڕابردوودا، زۆر کەم وا هەبووە بزاڤی قوتابییان وەک فاکتەرێکی گرینگ و بەرچاو شوێنی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دانابێ. بە گۆڕانی زۆر هۆکاری فەرهەنگی و سیاسی، قوتابییان لەباری ڕادەی ئاگاداری و ڕادەی چالاک بوونی سیاسیانەوە گۆڕانکاریی جەوهەرییان بەسەردا هاتووە. لەم دوایییانەدا ئاکسیۆنی سیاسیی ئەوتۆ لە قوتابییان دیترا کە لە هیچ کام لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا نموونەی نەدیترابوو. دەرکردنی کاربەدەستانی سەر بە ڕێژیم لە قوتابخانە، دڕاندن و گەچڵاندنی وێنەی خومەینی، هەڵگرتنی حیجاب و هاتنە سەرشەقام بە یوونیفۆرمی قوتابخانە و بەرەوڕوو بوونەوەی نزیک مەودا لەگەڵ گاردی دژە شۆڕش، هەموویان ئاکسیۆنی جێگای تێرامان و جێگای پێهەڵگوتن بوون.

دیاردەی سەرنجڕاکێشتر لە هاتنە خواری تەمەنی ڕاپەڕیوەکانی سەرشەقام، هەڵکشانی ڕادەی تەمەنی ڕاپەڕیوەکانیش بوو، بە چەشنێک کە پیرێژنی کۆنەساڵیش وێڕای قوتابییانی مێرمندال، لە هاتنە سەرشەقام و دانی دروشمی

شۆڕشـــگێڕانه خۆیـــان نەپاراســـت.

١ـ۴. هاوخەمــی و هاوئاراســتەیی و هاوبەندیــی گەلانــی جۆراوجــۆری ئێران لــە کــورد، تــورک، عــەرەب و بەلــووچ و دانــی دروشــمی پشــتیوانی بــۆ یەکتــر لەســەر شــەقامەکان، نموونەیەکــی دیکــە لــە بەربــڵاو بوونــەوەی ڕاپەڕیــن بــوو. لەســەر شــەقامەکان، جەمــاوەری ڕاپەڕیــو نــەک هــەر پەیامــی ڕووخانیان بــۆ دەســەڵاتداران دەنــارد، پەیامــی یەکگرتوویــی و هاوئاهەنگیشــیان بــۆ یەکتــر دەنــارد.

١ـ۵. گرینگتــر لــە هەمــوو فاکتــەرەکان پێشــەنگ بوونی ژنان لــەم ڕاپەڕینەدایە. ئامــادە بوونی ژنان لە بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاســییەکان وزەیەکی نائاسایی دەدات بــە بزاڤــەکان. وزەی شۆڕشــگێڕانەی ژنــان لــەو وزە شــاراوانەیە کــە ئەگــەر چــالاک بــێ، دەوری یەکلاکــەرەوەی لــە چارەنووســی ڕاپەڕیــن دەبــێ. ڕاپەڕینــی ١۴٠١ بــە ڕاپەڕینــی ژنــان ناســرا. بــەڵام ڕاســتییەکەی ئەوەیــە کە ئــەم ڕاپەڕینــە، ڕاپەڕینــی یەکگرتنــەوە و تێکــەڵ بوونــەوەی چەندیــن بزاڤــی وەک بزووتنــەوەی چینــی مامناوەنــدی، بزووتنــەوەی ئەتنیکــەکان، بزووتنەوەی خوێنــدکاران و بزووتنــەوەی ژنانــە. لــە مــاوەی چل و ســێ ســاڵی تەمەنی ئەم ڕێژیمــە کــەم وا هەبــووە ئــەم ڕووبــارە خوڕێنانــە لە شــوێنێکدا یــەک بگرنەوە.

## ٢ قووڵتر بوون و ڕەسەنتر بوون

جووڵــەی ڕووکــەش نابــێ بــە بــزاڤ. جووڵەیــەک کــە قــووڵ و ڕیشــەداکوتاو نەبــێ، هــەر ســەرێکە و هەتــا ســەر نییــە. بــا بزانیــن ڕاپەڕینــی ١۴٠١، بۆچــی یەکێــک لــە ڕیشــەداکوتاوترین ڕاپەڕینەکانــی هاوچەرخی ئێرانە. ڕەنگە یەکێــک لــە نیشــانەکان کــە ڕادەی ڕەســەنایەتی و قــووڵ بوونــی بزاڤێــک نیشــان دەدا، دروشــمی ســەرەکیی بزاڤەکــە بێ. لە ڕاپەڕینی ســاڵی ١٣٨٨، دروشــمێکی جەمــاوەر "یا حســین میر حســین" بوو. لە جووڵــە ئیعترازییەکانی ســاڵانی ٩۶ و ٩٨ یەکێک لە دروشــمە ســەرەکییەکان "ڕضــا شــاه روحــت شــاد" بــوو. ڕاســتییەکەی ئەوەیــە کــە هــەر دوو دروشــم، دروشــمی ڕووکەش و دواکەوتووانــە بــوون. هۆیەکــی ڕووکــەش بوونــی ئــەم دروشــمانە ئەوە بــوو کــە هەردووکیــان ڕوویــان لــە کەســێکی تایبەتــی بــوو. ڕاســتییەکی ســەرنجڕاکێش ئەوەیــە کــە گرفتــی کۆمەڵگایەکــی وەک کۆمەڵــگای ئێــران هاتنی کەســێک و ڕۆیشــتنی کەسێکی دیکــە نییــە. کێشــەی ســەرەکی لــەم وڵاتــە کێشــەی سیســتم و فەرهەنگــە. لەنــاو سیســتم و فەرهەنگێکــی دواکەوتــوو و ســەرەڕۆیانەدا هاتنــی کەســێک و ڕۆیشــتنی کەســێکی دیکە گۆڕانکارییەکــی بەرچــاو لــە کۆمەڵــگادا وەدی ناهێنــێ، تۆمــەز لــە دروشــمی "ڕضا شــاه روحــت شــاد"دا ئەگــەر بەڕاســتی مەبەســتی جەماوەر خواستی گەڕانــەوەی سیســتمی پادشــاییش بووبــێ (کــە ئــەو بۆچوونــە قســەی

جیددی لەسەرە) دەبێ بڵێین ڕاستە ئەو دروشمە زیاتر لەوەی ڕووی لە کەسێکی تایبەت بێ، پێوەندی بە سیستمێکی دیاریکراوەوە هەیە، بەڵام هەر لەو باسەوە دەگەین بە دووەمین کێشەی ئەم چەشنە دروشمانە. کێشە ئەوەیە کە ئەم دروشمانە لەجیاتی ئەوەی ڕوویان لە داهاتوودا بێ، ڕوویان لە ڕابردوودایە. ئێران هەم سیستمی پاشایەتی تاقی کردووەتەوە، هەم سیستمی ویلایەتی فەقیهی. ناکارامەیی هەردووک سیستم بەکردەوە بۆ خەڵکی ئێران دەرکەوتووە. کەچی دروشمی ئەم ڕاپەرینەی دوایی واتە "ژن، ژیان، ئازادی" ڕووی لە داهاتوو و ڕووی لە ئاسۆ ڕوون و کراوەکانی سیاسەت و ژیاندایە. ئەم دروشمە و بەگشتی ئاراستەی گشتیی ئەم ڕاپەرینە بەخششی کەلتووری دەوڵەمەندی سیاسی و خەباتکارانەی کوردستان بۆ سەرانسەری ئێران بوو.

## ڕاسپاردەیەکی مێژوویی

هەر لەسەر بنەمای هاوکێشەی پێچەوانەی شوێندانانی کورد، گەلی ئێمە لە پێواژۆی خەباتی دووروودرێژی خۆیدا، هەڵگری پەیامێک و ڕاستییەکی قووڵی مێژوویییە کە پێویستە سیاسەتوانان لە ئاستی ئێراندا بەوردی گوێی بۆ ڕادێرن. ئەگەر دەستەبژێرە سیاسییەکانی ئێران ئەم پەیامە بە دروستی وەرگرن، دەتوانن ڕێگایەکی دوورودرێژ بۆ گەیشتن بە ئامانجی پەرەسەندنی سیاسی تەخت و نزیک بکەنەوە. نەبیستنی ئەم پەیامەش وڵاتەکەیان لە پەرەسەندنی سیاسی دوور دەکاتەوە.

بۆ دەربڕینی ئەو ڕاستییە، دارشتنی پێشەکییەکی کورت پێویستە.

شۆڕشی ٥٧، لە بارێکەوە دژکردەوەیەک بوو لەبەرانبەر شکستی ئامانجەکانی شۆڕشی مەشرووتە لە دەورانی حکوومەتی پەهلەویدا. هەندێک لە بیرمەندانی ئێرانی ـ وەک دکتۆر حوسێنی بەشیریە ـ پێیان وایە بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەزا شا لە درێژەی ئامانجەکانی شۆڕشی مەشرووتەدا بوو. بەرچاوترین بەڵگەی ناراست بوونی ئەو بۆچوونە ڕوودانی شۆڕشی ٥٧ بوو. ئەگەر ڕێژیمی پەهلەوی لە وەدی هێنانی ئامانجەکانی مەشرووتە سەرکەوتوو بووایە، شۆڕشی ٥٧ ڕووی نەدەدا. شۆڕشی ٥٧ لە ئەنجامی داخراوییەکی سیاسی و دواکەوتووییەکی سیستماتیک و سەرەڕۆیی و سەروەر نەبوونی یاسادا ڕووی دا کە گشتیان دژ بە ئامانجەکانی مەشرووتە بوون.

هەندێک لە سەرەکیترین ئامانجەکانی شۆڕشی مەشرووتە بریتی بوون لە:

١. سەروەر بوونی یاسا

٢. ئازادی

٣ـ نەهێشتنی ناوەندگەرایی و ٤ـ سێکۆلاریزم.

یەکەم و دووەم و سێیەم بەشێوەیەکی سیستماتیک تێک ڕووخان. لە ئەنجامی ئەم تێک ڕووخانەدا، شۆڕشی ٥٧ ڕووی دا. بەڵام ئەو سیستمەی دوای شۆڕشی ٥٧یش هاتە سەرکار، نەک هەر لە وەدیهێنانی ئەم سێ ئامانجە بێتوانا بوو، بگرە ئامانجی چوارەم واتە سێکۆلاریزمیشی بەتەواوی وێران کرد. هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی بزاڤی مەشرووتەوە، کێشەیەکی قووڵ و جەوهەری لەنێوان مەشرووتە و مەشرووعە هاتە ئاراوە. دامەزرانی سیستمی دوای شۆڕشی ٥٧، لەڕاستیدا سەرکەوتنی مەشرووعە بەسەر مەشرووتەدا بوو.

لە شۆڕشی ”ژن، ژیان، ئازادی“دا سێکۆلاریزم ئامانجێکی بێ ئەملاوئەولایە. ئازادی و سەروەر بوونی یاساش کۆدەنگی لەسەرە. بەڵام هەندێک لە هێزە ناوەندخوازەکان بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئێستاوە خەریکن گومان دەخەنە سەر ئامانجی نەهێشتنی ناوەندخوازی کە ئەم ئامانجە لە بزاڤی کوردیدا بەشێوەی ”فێدرالیزم“ فۆرمووڵە کراوە.

پەیامی مێژوویی بزووتنەوەی کورد لەم قۆناغەدا ئەوەیە: هەر وەک چۆن شۆڕشی ئەم جارە بەهۆی شکستی ئامانجەکانی شۆڕشی ٥٧ ڕوو دەدا، شۆڕشی ٥٧یش بە هۆی شکستی ئامانجەکانی مەشرووتە، لەدوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی پەهلەویدا ڕووی دا، ئەگەر بێتو جارێکی دیکە سیستمێکی ئەوتۆ بێتە سەرکار کە یەکێک لەو ئامانجە گشتی و مێژووییانە پێشێل بکا، لە ئێستاوە خۆی بەرەوڕووی داخراوییەکی دیکە و شۆڕشێکی مسۆگەری دیکە و دواکەوتنێکی دیکە لە ڕەوگەی پەرەسەندنی سیاسی دەکاتەوە.

ئەم پەیامەی کورد هەر لەسەر بنەمای ویست و داخوازیی مێژوویی خۆی بۆ دیاری کردنی مافی چارەنووس نییە ـ کە ئەویش هەر ویست و داوایەکی ڕەوایە ـ بەڵکوو لەسەر بنەمای ئەزموونێکی قووڵی مێژوویی و سیاسییە کە لە بزووتنەوەی سەد و پەنجا ساڵەی خۆی وەدەستی هێناوە. ئەم ئەزموونە لەسەر بنەمای ”هاوکێشەی پێچەوانەی شوێندانانی کورد“ە کە ناوەند و هێزە سیاسییەکانی ناوەند دەتوانن گوێی بۆ ڕاگرن یان گوێی بۆ ڕانەگرن. بەڵام ئەگەر گوێی بۆ ڕانەگرن، وڵاتەکەیان تووشی بازنەیەکی دووروودرێژ و ڕووخێنەری شۆڕش و دامەزراندنەوە دەکەن کە باجێکی قورسی نەتەوەییان پێ دەبژێرێ.